# کورتەیەک لەسەر هەندێ کۆمپانیای ئایتی (IT)

ئاراس نوری - ئەلمانیا
زانستپەروەرانی کورد ٢٠٠٦
www.zkurd.org



کورتەیەک لەسەر هەندێ کۆمپانیای ئایتی

ناوەرۆکی ئەم وتارە

- کۆمپانیای 3com
- کۆمپانیای Apple Computer Inc
- لۆگۆی ئەپڵ
- کۆمپانیای سیسکۆ، Cisco Systems Inc
- ناو و لۆگۆکەیان

## کۆمپانیای 3com :

ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن رۆبێرت میتکالف Robert Metcalfe، لە شاری سانتا کلارا Santa Clara ی سەر بە ناوچەی کالیفۆرنیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دامەزراوە.

3com بەیەکێک لە کۆمپانیا ناودارەکانی بواری (رایەڵە) (network دادەنرێت. ئەمرۆکە یەکێکە لە پێشرەوانی بەرهەمهێنانی کارتی رایەڵەی جۆراوجۆر WAN، LAN، PCcard، مۆدێم، Repeater، Router، هەروەها ئامێرە بێتەلەکانیش .Wireless

ناوی کۆمپانیاکە 3com لە سێ وشەی ئینگلیزی Computer، Communication، Compatibility هاتووە، کە سێ پیتی یەکەمی ئەم سێ وشەیە بە Com دەست پێ دەکات، واتای کۆمپیوتەر، پەیوەندییەکان، گونجاوی دەگەیەنێت لە زمانی کوردیدا.

وێبگەکەیان: www.3com.com

## کۆمپانیای Apple Computer Inc

لە ١٩٧٦/٤/١ دا لە کالیفۆرنیا دامەزراوە. ناوی ئەپڵ Apple وشەیەکی ئینگلیزییە، کە لە کوردیدا بەمانای سێو دێت. ئەم کۆمپانیایە گەورەترین خزمەتی کردووە لە بواری کۆمپیوتەری کەسیدا، لە ساڵەکانی ٧٠ دا زۆرترین ژمارە کۆمپیوتەری فرۆشتوە لە جیهاندا.

لە بەرهەمە گرنگەکانی:

١٩٧٦ Apple I
١٩٧٧ Apple II
١٩٨٣ LISA
١٩٨٤ Macintosh
(سەرکەوتووترین و گرنگترین بەرهەم بوو، وەرچەرخانێکی بەدوای خۆیدا هێنا لە کۆمپیوتەری کەسیدا PC)
١٩٨٥ Apple II
١٩٨٩ Macintosh Portable
١٩٩٣ ماکینتۆش لەسەر RISC
١٩٩٥ تاکوو ١٩٩٦ گەورەترین کێشەی ئابووری و بەڕێوەبردنی هاتەرێ.
١٩٩٦ لە لایەن کۆمپانیای NeXT ەوە کردرایەوە.

## لۆگۆی ئەپڵ:

لە ساڵەکانی ١٩٧٦ تاکوو ١٩٩٨ ڕەنگەکانی پەلکەزێرینە rainbow لەشێوەی لەتە

سێوێکدا لۆگۆی کۆمپانیاکەبوو.

پاش ١٩٩٨ هەمان شێوە مایەوە، بەڵام ڕەنگەکەی بوو بە زیوی.

ئەمڕۆکە، ٢٠٠٦، کۆمپانیای ئەپڵ لە چەندین بواری (نەرمەکاڵا software) و (ڕەقەکاڵا hardware) دا دەستبەکارە، بەرهەمەکانی iMac و iPod لە هەموو بازارەکانی جیهاندا بڵاوە، هەروەها خاوەنی گەورەترین کۆگای مۆسقا بەناوی iTunes

کە چەندین ملیۆن گۆرانی و ئاوازی لەخۆ گرتووە. لە بواری سیستەمی کارپێکردنیشدا Mac OS X ـی هەیە، ئەمیش وەک بەرهەمەکانی تری سەرکەوتووە.

وێبگەکەیان: www.Apple.com

**کۆمپانیای سیسکۆ Cisco Systems، Inc :**

ساڵی ١٩٨٤ لە شاری سان فرانسیسکۆ San Francisco لە کالیفۆرنیای سەر بە ئەمەریکا دامەزراوە، لە لایەن کور و کچێکی خوێندکاری زانکۆی ستانفۆرد Stanford شاری سان جۆزێ San Jose . ئەم دوو خۆشەویستە لیۆنارد Leonard Bosack و ساندرا Sandra Lerner، لە ژوورێکی زانکۆ سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بوون بۆ هێنانەدی شێوازێکی ئاسان لە ڕایەڵەکردنی چەند کۆمپیوتەرێکدا بەیەکەوە، سەرەنجام سیسکۆیان پێک هێنا، ساڵی ١٩٩٠ ساندرای خێزانی پێش جیابوونەوەی لە لیۆنارد بە ١٧٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی دەستی لە سیسکۆ هەڵگرت.

سیسکۆ ناسراوە بە بەرهەمهێنانی Router و Switches لە بواری ڕایەڵەکردندا. سیسکۆ توانی لە ڕێگەی router ـەوە چارەسەرەکانییەوە لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت، بە هۆی فراوانبوونی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە. سیسکۆ گەشەیەکی باشی کرد و چەندین شیکاریی هێنایە خزمەت ئاسانکردنی ڕایەڵە.

ناو و لۆگۆکەیان

ناوی سیسکۆ cisco لە دوا برگەی ناوی سان فرانسیسکۆ San Francisco وەرگیراوە.

وێنەی لۆگۆکەش لە دیمەنی پردی Golden Gate لەو شارە وەرگیراوە، هاوکات دەکرێت وەکوو شەپۆلێکی ڕادیۆیی تەماشای بکرێت.

ئەمڕۆکە لە سەدا ٥٠ بۆ ٨٠ ـی شیکارەکانی ڕایەڵ و پەیوەندیکردن هی سیسکۆیە، زیاتر لە ٣٠ هەزار کارمەند لە ١١٥ وڵاتی جیادا کار لەم کۆمپانیایەدا دەکەن.

سیسکۆ چەندین پەیمانگای فێرکردن و پێوانەیی هەیە، کە ساڵانە هەزاران ئەندازیار، پسپۆڕی تیا وەردەگرێت.

وێبگەکەیان: www.cisco.com

بەستەری ئەم بابەتە:

http://www.zkurd.org/?Besh=witar&kar=asayi&jimare=533

## چەند زانیاریەک لەسەر پۆست

١. یەکەم بەڵگەی پۆست لە میسر دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٢٥ / پ – ز)

٢. لە جیهاندا (٧٠٠٠٠٠) نووسینگەی پۆست هەیە

٣. پۆست لە جیهاندا بە دەستی (٢، ٦ ) ملیۆن پۆستەچی تێپەڕ دەبێت و ساڵانە (٤٠٠) ملیارد نامە دابەش دەکەن .

---

یەکیەتی پۆستی نێو دەوڵەتی لە ڕێکەوتی (٩) ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٧٤ لە بێرنی سویسرا دامەزرا، ئەوسا نوێنەرانی (٢٢) وڵات لە شاری بێرن ڕێکەوتنامەیەکیان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی پۆست مۆر کرد، هەروەها شێوازی جۆراو جۆری بەکار هێنرا و لە کرداری پۆستیان یەکخست .

---

ئەگێڕنەوە و دەڵێن لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانلی زۆر بە ئەستەم و زەحمەت پۆستە دەگەیشتە جێگای مەبەست . هەندێ کەس بۆ ئەوەی پۆستەکەیان زوو بگاتە شوێنی مەبەست، لەسەریان دەنووسی (مهم و مستعجل جدا والله العظیم)